سامانە سروشتییەکان: جارێکی دیکە وەزارەتی نەوتی فیدراڵی بەیاننامەیەکی سیاسی بڵاودەکاتەوە



وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

وەزارەتی نەوتی عێراق

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ڕاگەیەنراوێکی وەزارەتی نەوتی فیدراڵ دەداتەوە و ڕاگەیەنراوەکە بە سیاسی ناو دەبات و دەڵێت، دوورە لە ڕاستییە بابەتییەکان؛ دەشڵێت، وەزارەتی نەوتی فیدراڵ ڕەچاوی بنەماکانی هاوبەشیی ڕاستەقینەی نەکردووە کە عێراقی فیدراڵی لەسەر دامەزراوە.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ڕاگەیەنراوێکی وەزارەتی نەوتی فیدراڵی دایەوە کەموت□□ع بەدواداچوونی بۆ کردووە و تێیدا ڕایگەیاندووە، وەزارەتی نەوتی فیدراڵ جارێکی دیکە ڕاگەیەنراوەکەی سیاسییە و لەسەر هەمان ڕێباز بەردەوامە و شکستەکانی خۆی کە لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتی ناوەندیی ڕووبەڕووی بووەتەوە، خستووەتە ئەستۆی هەرێمی کوردستان و هەرگیز ڕەچاوی بنەماکانی هاوبەشیی ڕاستەقینەی نەکردووە کە عێراقی فیدراڵی لەسەر دامەزراوە.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕووەوە و وەزارەتی نەوتی فیدراڵ گوتوویەتی: "ئەوان کە بە ئاشکرا و بە بەردەوامی دەستوور پێشێل دەکەن. ئەو ساڵانێکی زۆر بەرپرسی پەسندکردنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی بوون، یاسایەک کە نوێنەرایەتی بەردی بناغەی چارەکردنی هەموو کێشەکانی پەیوەست بە نەوت دەکات و ئەوە درێژە بە سیستمی یاساکانی ڕژێمەکانی پێشوو دەدەن کە بریتی بوو لە یاساکانی حزبی بەعس کە باوەڕی بە ناوەندیەتیی هەبوو، بەڵام ئەو سەردەمە بەسەرچوو. یاسای ساڵی 1976 دیارترینی یاساکانی حزبی بەعس بوو کە بە ئاشکرا دژی بنەماکانی سیستمی فیدراڵی و ماددە و بڕگە دەستوورییەکانی دەستووری ئێستای عێراقە."

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەنراوەکەیدا دەڵێت: "ئەوە بە سیستم سیاسەتی برسیکردن بەرانبەر بە هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکەن و مووچە و بژێوی ژیانیان بڕیوە، ئەمەش پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافە مرۆییەکانە و گەورەترین پێشێلکارییەکە. ئەم سیاسەتە سیستماتیکەتان بۆ جێبەجێکردنی پلانی جیاکارییە کە پێچەوانەی دەستوورە و ئەمەش گەورەترین پێشێلکاریتانە."

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان گوتووشیەتی، تۆمەتەکانی وەزارەتی نەوتی فیدراڵ لە بارەی بەقاچاغبردنی نەوتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی ئاشکرایە بۆ چاوپۆشی و لابردنی سەرنجەکان لەسەر پرسەکانی بەقاچاغبردن و گەندەڵییەکانی ناوچە جیاجیاکانی عێراق. "ئەوە نەوتی باشووری عێراق بەقاچاغ دەبەن و هەموو جۆرە گەندەڵییەك دەکەن و ڕاپۆرتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان شایەتی لەسەر قەبارەی بەفیڕۆدان و گەندەڵییەکانتان دەدەن و نەوت تێکەڵ دەکەن و لە بری خزمەتکردنی عێراق و گەلەکەی، خزمەت بە بەرژەوەندیی ئەوانی دیکە دەکەن و بەمەش زیانتان بە ناووبانگی عێراق و گەلەکەی گەیاندووە."

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان جەختی کردووەتەوە، هەرێمی کوردستان هەموو ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردووە سەرەڕای ئەوەی لایەنی بەرانبەر بەرپرسیارییەتی و ئەرکە دەستوورییەکانی خۆی بەجێ نەهێناوە. "کاتێك هەرێمی کوردستان بەرپرسیار دەکەن لە زیادەی ئۆپێک، هەڵەی خۆتانە، چونکە ئێوە بە ناوی نەوتی عێراقەوە نەوتی خەڵکی دیکە دەفرۆشن. بە پێی دەستوور مافی هەرێمی کوردستانە دوو هێندەی ئێستا بەرهەمهێنانی نەوت زیاد بکات، بەڵام لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی وڵاتدا، تەنانەت نیوەی ئەم بڕەش بەرهەم ناهێنێت. ئێمە وەکوو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

زیاتر لە 11 ملیۆن بەرمیل نەوتمان ڕادەستی ئێوە کردووە، کەچی یەك دینارتان لە بەرانبەردا بۆ هەرێمی کوردستان نەناردووە، ئەمەش بە ئاشکرا پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکان و پابەندبوونە داراییەکانە."

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوکات لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەنراوەکەی کە وەڵامی وەزارەتی نەوتی فیدراڵی داوەتەوە، ڕایگەیاندووە، دەیانەوێت چەند ڕاستییەك بە ڕوونی و بێ هیچ جۆرە دوودڵییەك بۆ ڕای گشتیی بخەینە ڕوو، کە بریتین لەم خاڵانە:

1-حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەناردەنەکردنەوەی نەوت بەرپرسیار نییە، بەڵکو ئەمە لە ئەنجامی ئەو داوایەی کە وەزارەتی نەوتی فیدراڵ لە دژی وەزارەتی وزەی تورکیا تۆماری کردبوو، کە بووە هۆی وەستانی هەناردەکردن لە 25ـی ئاداری 2023 و زیانی زیاتر لە 25 ملیار دۆلاری بۆ حکوومەتی فیدراڵ و هەرێم و کۆمپانیاکان گەیاندووە.

2- لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بە تایبەتی لە 4ـی نیسانی 2023 ڕێککەوتن لەگەڵ وەزارەتی نەوت کرا بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنەوەی نەوتی ڕاگیراوی هەرێمی کوردستان، بەڵام یاسای بودجەی فیدراڵ تێچووی بەرهەمهێنانی بە شێوەیەکی سنووردار دیاریی کردبوو کە بریتی بوو لە (شەش دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک)، ئەمەش وایکرد زۆربەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان لەم چوارچێوەیەدا بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان سنووردار بکەن.

3-لەسەر داوای وەزارەتی نەوت بڕی نەوتی هەرێمی کوردستان گەیەنرایە پاڵاوگەیەک کە بەناوی وەزارەتی نەوتەوە کار دەکات بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج مانگ. کۆی گشتی گەیاندن و ڕادەستکردن نەوت لەو ماوەیەدا بریتی بووە لە 11 هەزار و 826 هەزار و 218 بەرمیل، بەڵام سەرەڕای ئەم پابەندبوونەی هەرێمی کوردستان، لە بەرانبەردا یەک دینار بۆ ئەم بڕە خەرج نەکراوە، لە ئەنجامدا کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت گەیاندنی بەرهەمەکانیان بۆ وەزارەتی نەوت سنووردار کرد.

4- لە سەرەتای پێکهێنانی حکوومەتی ئێستای فیدراڵ، لیژنەیەکی هاوبەش بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدراڵ پێک هێنرا. بۆ ئەم مەبەستە چەند کۆبوونەوەیەك کرا، بەڵام هێشتا ئەم هەوڵانە هیچ ئەنجامیان نەبووە. سستی و دواکەوتنێکی ڕوون لە لایەن حکوومەتی فیدراڵەوە هەیە لە

بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە زۆر گرنگە، کە بە کلیلی ڕاستەقینەی چارەی ناکۆکییە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

5- بەو پێیەی سیستمی حوکمڕانی لە عێراق سیستمێکی فیدراڵییە، و مافی دەستووری هەرێمە یاسای تایبەتی خۆی هەبێت کە کاروبارەکانی ڕێک دەخات، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە یاسای نەوت و غاز ژمارە 22ـی ساڵی 2007 گرێبەستەکانی لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت ئیمزا کرد، ئەگەر کێشەیەکی یاسایی ڕاستەقینە لەو گرێبەستانەدا هەبووایە، ئەوا کۆمپانیا نێودەوڵەتییە بەناووبانگەکان بەبێ بنەمای یاسایی بۆ ملیاران دۆلار وەبەرهێنانیان لە هەرێمی کوردستان نەدەکرد.

6- عێراق دەستووری هەیە، ئەگەر ماددەی و بڕگەکانی وەکوو خۆی و دوور لە بەرژەوەندیی تەسک لە جێبەجێکردن و لێکدانەوەدا جێبەجێ بکرایە، دۆخی گشتیی وڵات و دۆسیەی نەوت بەتایبەتی، نەدەگەیشتە ئەم ئاستە ئاڵۆز و قەیراناوییەی.

7- حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەندی تەواوی ئەرکەکانی بووە سەبارەت بە هەوڵەکان بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنەوەی نەوت ڕازی بوو، نەوتی بەرهەمهێنراو لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کۆمپانیای بۆ بازاڕکردنی نەوت (سۆمۆ)ـوە بفرۆشێت و سەرجەم داهاتی فرۆشتن بخاتە گەنجینەی دەوڵەت و کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری دیاریی بکرێت بۆ ڕاییکردنی کارەکان، هەروەها هەژماری ئیسکرۆ (Account Escrow) بۆ ناوی کۆمپانیاکان بکاتەوە.

8-کۆمپانیا نەوتییەکان کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن پێویستە: "پابەند بن بە گرێبەستەکان لە ڕووی مۆدێلی ئابووری و مەرجە بازرگانییەکانی گرێبەستەکەوە، و زیان بە گرێبەستەکان نەگەیەنن بەو پێیەی لە دادگای فیدراڵی و دادگا نێودەوڵەتییەکان ڕێڕەوی یاسایی خۆیان گرتووەتە بەر."

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆتاییدا ڕاگەیەنراوەکەیدا گوتوویەتی: "دەمانەوێت بە بیری ئێوەی و ڕای گشتیش بهێنینەوە، ڕێککەوتنی کاتیی بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان کە دواتر چەند کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنێکی لێ کەوتەوە، بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە کە هەرێمی کوردستان نەرمی نواندووە و ئامادەی هاوکاریی بووە، ئەمەش بانگەشەکانی وەزارەتەکەتان کە گوایە کۆبوونەوە و دانوستانەکانتان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بێئەنجام بووە، پووچەڵە

ده□كا ته□وه□.